# گەڕەکی کشتوکاڵی کۆنو کێشەکانیان

ئا/ سەعید ئەسعەد

ئەم گەڕەکە دەکەوێتە پێش کۆگای ڕێکخراوی ڤاو یان بەرامبەر گەڕەکی ڕاپەڕین کە ئێستاش هەندێك پێی دەڵێن سبعەنیسان هەروەها نزیك پیشەسازی باکور، لەم گەڕەکەدا چەند کێشەیەك هەیە کە خەڵکەکە خۆیان بۆیان باس کردین:

*هاووڵاتی (محەمەد سابیر) :

ئەم گەڕەکە لەکاتی خۆی کشتوکاڵ بووە، پێیان گوتووە (محطة تأجیر) ئێمە لەکاتێکدا لەو خانووانە بووین گەڕەکی ڕاپەڕین نەبووە، کارگەی جگەرە نەبووە کەچی خزمەتگوزاری پێشکەش بەو لایەنانە دەکرێت بە ئێمە ناکرێت بۆ نموونە تا ئێستا ئێمە قیرمان لێرە نەدیووە!

کێشەیەکی تر نەبوونی ئاوەڕۆیە بۆ ئەو ئاوە پیسەی کە کۆدەبێتەوە چونکە هاوینان لەبەر مێشوولەو بۆگەن ناحەوێینەوەو زستانانیش ناتوانین هاتوچۆ بکەین لەبەر قوڕو لیتە. ئێمە منداڵمان هەیە پێویستە حکومەتی هەرێم ئاوڕێکمان لێ بداتەوە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشانە، کە زۆر جار داوامان لە شارەوانی کردووە بەڵام لە شارەوانی دەڵێن کێشەکانتان لای بەڕێوەبەرایەتی گشتی چارەسەر دەکرێت لەوێش بە پێچەوانەوە بە ڕێمان دەکەن، ئێستاش داواکاریمان لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییە نازانین ڕوو لە کوێ بکەین.

*مامۆستا (سابیر) دانیشتوی ئەم گەڕەکە وتی:

ئەو خانووانەی ئێرە کە بە خانووەکانی کشتوکاڵ ناسراون سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێرن، ساڵی (1989) ئەم خانووانە بەمەزاد بە نرخێکی زۆر بۆ ئەو کات فرۆشراون. تا ئێستاش بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کشتوکاڵ هیچ جار لێی نەپێچاوەتەوە تا تەملیکیان بکات یان دەست نیشانی شەقامو کۆڵانەکانیان بۆ بکات. کێشەی سەرەکیمان ئەو خانووانەیە کە لە تاپۆو شارەوانی بوونیان نییە، هەر بە خانووش دانەنراون بەڵکو بەزەوی کشتوکاڵی دانراون.

ئێمە ناوە ناوە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵمان دەکردو ئەو قیستەی لەسەرمان بوو دەمان دا، ئێستا ئەو قیستانەی کە دەیاندەین لە پارەی ئێمە دەیانگێڕنەوە کە کارمەندین. بەڵام بەو پارەیەی کە بۆمان دەمێنێتەوە هیچمان پێ پاشەکەوت ناکرێ. دەبێ هەوڵی کاری تر بدەین تا بژێوی خێزانەکانمان دابین بکەین، بۆیەشە ناوە ناوە نووسراومان بۆ دێ یان لە ڕۆژنامەکان ئاگادار دەکرێینەوە کە قیستەکان بدەین، بۆیە داوا دەکەین خانووەکانمان تاپۆو تەملیك بکرێن ئێمەش درێغی ناکەین هەرچی ئەوان داوای بکەن جێبەجێی دەکەین.

لەبارەی کێشەی قیرتاونەکردنی گەڕەکەکە مامۆستا سابیر دەڵێ:

ئەم کێشانە بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە چونکە خانووەکانمان بوونیان لە شارەوانی نییە کە بوونیشی لە شارەوانی نەبێت ناکەوێتە ناو بەرنامەوە.

*دلێر محەمەد دانیشتوی ئەم گەڕەکە دەڵێت:

لەم گەڕەکە دوو کێشەی سەرەکیمان هەیە:

1.قیرتاونەکردنی کۆڵانەکانو ئەو شوێنانەی هاتوچۆیان پێدا دەکرێت، بۆیە لەهاوینان لەبەر تۆزو مێشو بۆنی پیس بێزار دەبینو لە زستانانیش لەبەر قوڕولیتە.

2.تەملیك کردنی خانووەکانمان زۆر پێویستە خۆم نزیکەی مانگو نیوێك لەدوای ئەم کێشانە بووم کەچی هیچم بۆ نەکرا، دەچمە شارەوانی دەڵێن بڕۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ، لەوێش بە پێچەوانەوە، بۆیە وازم هێنا چونکە بێزار بووم ئەوەندەی بێمو بچم!

ئەمانە قسەی هاووڵاتیانی گەڕەکی کشتوکاڵی کۆنن کە داواکارن لە حکومەت شەقامو کۆڵانەکانیان بۆ قیرتاو بکرێتو زێرابێکیان بۆ چاك بکەن بۆ ئەو ئاوە پیسەی ئەم گەڕەکە بۆ ئەوەی نەوەستێت، لەگەڵ داواکاری تر کە تەملیك کردنی خانووەکانیانە بۆیە هەرچی زووە با کێشەی ئەم گەڕەکەش چارەسەر بکرێتو خزمەتێك پێشکەش بەوانیش بکرێت....

# با ئاوڕێك لە گەڕەکی مامۆستایان بدەینەوە

هاوکار محەمەد عەلی/ هەڵەبجەی شەهید

گەڕەکی مامۆستایان یەکێکە لە گەڕەکە فراوانەکانی شاری هەڵەبجەی شەهید، مێژووی دروستکردنی ئەم گەڕەکە دەگەڕێتەوە بۆ (20) ساڵ لەمەوبەر، تا ئێستا ژیانی تێدا بەردەوامەو یەکێکە لە گەڕەکە پڕ خەڵكو ئاوەدانەکانی شاری هەڵەبجە.

وێڕای خەڵکی شارنشین کۆمەڵێکی زۆری خەڵکی لادێی کۆچکردووشی لەخۆ گرتووە، هەروەها ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ئەم گەڕەکە بە پیشەی مامۆستاییو کاسبکاریو دوکانداریو ئاڵوێری شتوومەکەوە خەریکن، ژمارەیەکی زۆری ڕوناکبیرو تێکۆشەرو کەسایەتیی ناسراو لە باوەشی ئەم گەڕەکە لێقەوماوەدا دەژین، گەڕەکی مامۆستایان لە کیمیابارانەکەی ساڵی 1988 بوو کە سەدانو بگرە هەزار کەسی لێ شەهیدو بریندار بوو خانووەکانی گەڕەکەکەش تەختی زەوی بوون ئەو کەسانەشی کە هەر چۆنێك بێت خۆیان دەرباز کرد ئاوارەی ئۆردوگاکانی ئێران بوونو لەژێر خەیمە شڕەیەکی بێگانەدا ژیانی سەختی ڕۆژانەیان بەسەر دەبرد، دوای ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی بەهاری (1991) ئاوارەکانی ئەم گەڕەکە لەهەر کوێیەك بوون گەڕانەوە سەر زێدی باوباپیرانی خۆیانو لەژێر دارو پەردووی خانووە ڕوخاوەکاندا ژیانی ڕۆژانەیان بەسەر دەبرد، هەر لەم پێناوەشدا تووشی چەندان کێشەو کەمو کووڕیو گرفت هاتوون، کە ئەمانەی خوارەوە ئەو گرفتە سەرەکیانەن کە تاوەکو ئێستا نە شارەوانی هەڵەبجەو نە هیچ کەسو لایەنێك ئاوڕی لێ نەداونەتەوە:

1.جادەو کۆڵانەکانی قیرتاو بکرێتو هەڵمەتی پاککردنەوەی بۆ بکرێت.

2.دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بە تایبەتی لە وەرزی هاویندا کە هەندێك شوێنی ئاوی پێ ناگات.

3.کۆن بوونی قیرتاو تێکچوونی لە زۆر جێگادا ئەمەش وای کردووە کە لە وەرزی هاویندا سەرتاپای گەڕەکەکە تۆزو خۆڵ دای پۆشێتو لە وەرزی زستانیشدا قوڕو لیتە هەر بۆیە لە چوار وەرزی ساڵدا دانیشتوانی گەڕەکەکە بێزارییان پێوە دیارە.

4.مۆلیدە کارەباییەکان تا ئێستا ئەهلین کە ئەمەش پارەیەکی زۆری دەوێت بۆ دەستکەوتنی وزەیەکی کەمی مۆلیدەی ئەهلی کە هەر ئەمپێرێك (40ـ 50) دیناری دەوێت هەر ماڵەش (2ـ3) ئەمپێر کارەبای دەوێت سەرەڕای ئەوەش بە ئارەزووی خاوەن مۆلیدەکان تەزووی کارەبایان پێ دەگاتو ناوە ناوە کارەبایان لێ دەبڕن بەبێ سزادانی یاسایی سەرپێچیکەران.

5.چاککردنەوەی خانوو بینا رووخاوەکانی ئەو گەڕەکە کە زۆربەی زۆری خانووەکانی گەڕەکەکەی پێکهێناوە.

6.دووریی گەڕەکەکە لە بازاڕو نەبوونی پاصی هاتووچۆ بۆ کار ئاسانی هاووڵاتییانی گەڕەکەکە.

7.نەبوونی یاریگایەك بۆ منداڵانی گەڕەکەکە نەك هەر لە گەڕەکەکەدا بگرە لە شارەکەشدا بە گشتی.

8.بوونی پیسیو پاشەڕۆ بەسەر جادەو کۆڵانەکانەوە ئەوەش نەك هەر لە ڕووی شارستانییەوە تەواو ناشیرینە بەڵکو لە ڕووی تەندروستیشەوە گەلێك زیانبەخشەو دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندان دەردو نەخۆشی جۆراوجۆر.

جا بۆیە خوازیارم لە شارەوانی هەڵەبجەی شەهیدو کاربەدەستانو لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاوڕێك لەو گەڕەکە هەژارنشینە بدەنەوەو خزمەتگوزارییەکان پێشکەش بە گەڕەکی مامۆستایان بکەن.

# داواکارییەکانی ناحیەی بجێل

ناحیەی بجێل لە ساڵی 1936 هاتیە دامەزراندنو سەر بە قەزای ئاکرێیەو لەو سەردەمەوە تا ئێستا یەك بینایەی قوتابخانەی سەرەتایی تێکەڵ لەو ناحیەیە هەیەو لەم بینایە سێ دەوام لێ دەکرێ ـ سەرەتاییو ناڤنجیو دواناوەندیو هژماری قوتابییان نێزیکی (500) قوتابیینە.

پێویستیان بە بینایەکی دی هەیە بۆ ناوەندیو ئامادەییو هەروەها پێویستە بە هەندێك مامۆستای پسپۆڕ هەیە وەکو "مامۆستای بیرکاری، ئینگلیزی، کیمیا، زیندەوەرزانی" . رحلەی دانیشتن زۆر کەمنو بەشی قوتابییان ناکەنو پەرتووكو دەفتەرو پێنووس بە ڕێژەیەکی کەم دابەش کراینە.

ناحیەی بجێل لە چوار بەش پێکهاتووە، بەشی چوارەم کە نێزیکی مەڵبەندی ناحیەیە پێویستی بە ئاوی خواردنەوەو هێڵی کارەبا هەیە وەکو بەشەکانی دیکەی ناحیە.

گوندی سوریا سەر بە ناحیەی بجێلە، بینایەی قوتابخانەکەی تەنیا یەك ژوورەو دوو هۆبە"شعبە"ی یەكو دوو دەوامی لێ دەکەن. پێش ماوەیەك هەندێ کەرەستەی ئاوەدانکردن بۆ ئاڤاکرنا خانووی قوتابخانە بۆ گوند هاتن، لێ ئەڤ کەرەستەیە وندابوونو بینایەکی قوتابخانەکە ئاوانەکر، خەڵکی گوند داوای بینایەکی بۆ قوتابخانە پرسیار دکەن ئەو کەرەستانەی بۆ بینایەکە هێناون چییان بەسەر هات! هەروەها گوندەکە نێزیکی جادەی گشتییە داوای قیرتاوکردنی ڕێگای گوندەکە دەکەن کە زۆر کورتە!

# کرێچێتی ژانو خەمێکی گەورەی ئەمڕۆیە

خاڵە هەڵکەوت

چەند ئەستەمە کاتێك کەمرۆڤ لە نێو نیشتمانەکەیدا خانوویەکی نەبێت کەبە ئاسوودەیی لەناویدا ژیان بەسەر ببات. چەند ئەستەمە کاتێك کە مرۆڤ پارچە زەوییەکی نەبێت لەسەری دابنیشێتو وەکو موڵکایەتی بڵێت ئەو پارچە زەوییە سێ بە چوارەش هی منە.

چەند ئەستەمە مرۆڤێك هەموو بەهاری تەمەنی لە پێناوی سەروەریو بەختەوەریو سەرفرازی گەلو نیشتمانەکەی بەسەر بردبێت بەڵام ئەمڕۆ لە سایەی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان هەست بە بوونی خۆی نەکاتو وەکو کەسێکی هیچ نەبوو مامەڵەی لەگەڵ دا بکرێت.

چەند ئەستەمە گەلێك لە پێناوی بەختەوەریو سەرفرازیو ئاسوودەیی خۆی قوربانی زۆری دابێتو لە هیچ هێزو دوژمنێك نەسڵەمیبێتەوەو ئەمڕۆ بە دەست کۆمەڵێك گرفتو کێشەی سیاسیو کۆمەڵایەتی بتلێتەوە.

نەبوونی خانوو بەرەو ژیانی کرێچێتی گرفتوکێشەیەکی هەرە گەورەی ژیانی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستانە. چونکە هیچ یاسایەك نییە کە سیستەمێك لە نێوان خاوەنی خانووو کرێچی دابنێتو بە پێی یاسایەك مامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەن. ئەوەی هەیەو ئەو دەسەڵاتو توانایەی هەیە لە دەست خاوەنی خانووە، واتا خاوەنی خانوو بە زەوقی خۆی کرێ دیاری دەکاتو هەر خۆشی دەتوانێت کرێ زیادو کەم بکاتو کابرای کرێچی دەربکاتو بگرە لە زۆر رووشەوە ڕۆژانە بە شێوەیەکی بەردەوام سووکایەتیشی پێ دەکات. ئەمڕۆ لە شارێکی وەکو هەولێر زیاتر لەنیوەی دانیشتوانی خەڵکی ئەم شارە کرێچین هەر خانوویەك تۆ دەبیینی دوو ماڵو سێ ماڵو بگرە زیاتر لەوەش ماڵی تێدایە. بۆیە ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە زۆر بە جیددی لە ژیانی کرێچێتی بکۆڵێتەوەو هەوڵی ئەوە بدات ژانو خەمەکانیان سووکتر بکات.

چونکە کرێچێتی لە ژیانی ئەمڕۆدا بە بارتەقای شەڕی نێوخۆ خەڵکی کوردستانی تەنگەتاو کردووە.

# ئاوارەکانی زەنگاباد بەرەو کوێ؟

سامان حەمید/ کەلار

وەکو ئاشکرایە لای هەمووان کە ڕژێمی بەغدا هەر لەوەتای دەسەڵاتی گرتووەتە دەست تاوەکو ئەمڕۆ بەردەوام بووە لەسەر ئاوارەکردنی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی ناوچەی زەنگاباد کە ڕژێمی بەغدا لە بەرنامەکانی خۆیدا بۆ بەعەرەب کردنی ناوچەکە، ژمارەیەکی ئێجگار زۆری لێ ڕاگواستوون.

ڕژێمی بەغدا خەڵکی ئەو ناوچەیەی ڕاگواستو لادێکانیشی خاپوور کرد، بۆ ئەو مەبەستەش ئۆردوگای ڕزگاری (سمود) ی دامەزراند.

بەڵام لەدوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی گەلەکەمان زۆربەی دێهاتە ڕزگارکراوەکانی ئەو ناوچەیە ئاوەدان کرانەوە، جگە لەو لادێیانەی کە تاوەکو ئێستا لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەغداداان وەکو "کوڵەجۆو قەرەبلاخی خواروو" کە ژیانی سەختیان لەو ئۆردوگایە دەبردە سەر.

بۆیە بۆ گەڕان بە دوای ئیشو زامن کردنی ژیانی ڕۆژانەیان پاشماوەی خەڵکی ئەو ناوچەیە ڕوویان دەکردە شاری کەلارو هەر خێزانێك خانووەقوڕێکی بۆ خۆی دروست دەکرد بۆ خۆ ڕزگار کردن لە کرێی خانوو، دیارە ئەم دیاردەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕووی لە زیاد بوون دەکردو تاوەکو بووە هۆی ئەوەی کە گەڕەکێکی تایبەت بەئاوارەکان دروستبوو کە ئێستاکە بە "کوڵەجۆییەکان" دەناسرێت، ئەم گەڕەکە بە شێوەیەکی بێ ئەندازەیی دروست بووەو بێبەش کراوە لە هەموو کارێکی خزمەتگوزاری کە سەرەکیترینیشیان قوتابخانەیە بۆ منداڵە چاوگەشەکانی گەڕەکەکە، هەروەها جێگای باسە کە بیرێکی ئیرتیوازی بۆ دانیشتوانی گەڕەکەکە لێدرا لە لایەن ڕێکخراوێکی خێرخوازییەوە، بەڵام جێگای داخە کاری ئەو بیرە بە بڕیاری لایەنە بەرپرسەکان وەستێندرا، دوو مەحویلەی کارەباش بۆ گەڕەکەکە دابین کراوە ئەویش پاش ڕوودانی کێشەیەك لە نێوان هاووڵاتییانو ئاسایشو پۆلیسی ناوچەکە تێك چوو.



بۆیە پێویستە لەسەر لایەنە بەرپرسەکان هەوڵی جیددی بدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانو بەدەنگەوە هاتنی هاووڵاتییانی گەڕەکەکە کە سەرو ماڵیان بەهۆی کوردبوونیانەوە لەدەست داوە.

# گەڕەکی بەلاشاوەو داواکارییەك

محەمەد حەسەن ڕەسول

گەڕەکی بەلاشاوە یەکێکە لەو گەڕەکە کۆنانەی شاری هەولێری پایتەخت کە تا ئێستا نزیکەی (80) خانووی بێ تاپۆ ماوەتەوە لەبەر ئەوەی کاتی خۆی ڕژێم ئەم خانووانەی بە تەجاوز لە قەڵەم داوە بەناوی خاوەنەکانی نەدەکرد، کەچی ئێستا خانووەکان هەربێ تاپۆن چونکە خەڵکی گەڕەکەکە هەژارو نەدارو کرێکارن هەرچەند دەکەن بۆیان ناکرێ بەناوی خۆیانی بکەن چونکە هەر پارچە زەوییەك کە قەبارەکەی (200) م بێ نزیکەی (7000) دیناری تێدەچێت جا خۆشتان دەزانن لەم ڕۆژگارە ڕەشەی ئەمڕۆ هەژار چۆن دەژی .

بۆیە داواکارین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێك نرخەکەی کەمتر بکات چونکە (7000) دینار بۆ خەڵکی هەژار گەلێ زۆرە.

# قوتابخانە سەرەتاییەکانی ناحیەی بنەسڵاوەو مەرجی پەروەردەیی

بەختیار حەساری

قوتابخانە ماڵی دووەمی قوتابییەو ڕاهێنانو پەروەردەو فێرکردن لەوێندەر کاریگەریو ڕەنگدانەوەی لەسەر قوتابی هەیە، بۆیەشە کە دەبێو پێویستە بایەخی تەواو بدرێ بە قوتابخانە سەرەتاییەکانو کەمتەرخەمی لێنەکرێ. بەڵام ئەوەیجێگای تێڕامانو هەڵوەستەیە قوتابخانە سەرەتاییەکانی ناحیەی بنەسڵاوەیە کە بە شێوەیەکی ئاشکراو بەرچاو مەرجەکانی پەروەردەییان تێدا بەدی ناکرێ جا بەهەر بیانوو پاساوێك بێت، بینایەی قوتابخانە کەمە یاخود ئاوارەیەکی زۆر ڕوویان تێکردووە یا هتد، دەبینین هەر پۆلێك زیاتر لە پەنجا قوتابی تێئاخێنراوەو بووە بەقەڕەپەستانێ کە بە پێی زانیاریمان دەبێ پۆل ژمارەیەکی کەمو دیاریکراو قوتابی وەربگرێ لە سنووری نیوەی ئەوەی ئێستا هەیە، بەو ژمارە زۆرەوە قوتابی فێری هیچ نابێو دەنگە دەنگ باڵ بەسەر پۆلدا دەکێشێو مامۆستا وەڕس دەبێو وانەیەك بە دە ڕۆژ تەواو ناکرێو کۆمەڵێ قوتابیش مافیان دەفەوتێو سەرەی هەستانە سەر تەختە ڕەشیان نایەت، لە ئەنجامیشدا ڕێژەی دەرچووان کەم دەبێو کاریگەری سەلبی دەبێ لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوەکان. یاخود هەندێ لە پۆلەکان بۆ نموونە پۆلی دووەمو سێیەمی قوتابخانەی ئاکامی سەرەتایی تێکەڵاو تا ئێستا کە تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵیش بەسەر چووە کتێبی (زانستەکان)یان وەرنەگرتووە. پرسیارێك لێرەدا خۆی دەسەپێنێ ئایا کێ بەرپرسە لەم کارەو بۆ چارەسەری ناکەن؟ حکومەت دەبێ لایەنە خزمەتگوزاریو پەروەردەییەکان بۆ دانیشتوان دەستەبەر بکات.. یاخود بڕیارێك دراوە بە تایبەتی لە قوتابخانەی (ئاکام) کە دەبێ هەر پۆلێ یەك یەکەمی هەبێ لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان. ئایا ئەوە کاریگەری سەلبی نابێ لەسەر قوتابییەکانو لایەنی سایکۆلۆژییان؟ قوتابی هەیە لەوانە سەرەکییەکانی وەکو (کوردی، بیرکاری، زانستەکان) یەکەم بووە بەڵام لەوانە ئاسانەکانی وەکو (وەرزش، سروود، وێنە) نمرەی خراپیان بۆ داناوە تەنها بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکە! بۆیە پێم باشە پەروەردەی هەولێر ئاوڕێك لەم کەمو کوڕییانە بداتەوەو چارەسەریشیان بۆ دابنێ.

# بازگەکان تکایە

حسێن عەزیز مەحمود

لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان پێش ئەوەی بچینە نێو شارەوە دەبێ لە بازگەی حکومەتی هەرێمدا هەندێك ڕاوەستین، ئەمەش وەك جێبەجێکردنی ئەرکێکی ئاسایی.

ڕووبەڕووی هەندێك لێپرسینەوە دەبین لەلایەن پۆلیسی گومرگو ئاسایشو سەندیکاو لە هەندێکیشدا پۆلیسی هاتووچۆ لە شوفێرەکان دەپرسێتەوە. تا ئێرە مەسەلەکە ئەگەر بە شێوازی دروست بەڕێوە بچێ زۆر ئاساییە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لە هەندێك لەو بازگانەدا دیاردەیەکی ناشارستانی بەدی دەکرێت، لە جیاتی ناشتنی نەمامو جوان کردنی ئەو ڕێگاو بانە بۆ پێشوازی کردنی میوانو هاووڵاتییانی ماندووی ڕێگا، قەباغی گوللە تۆپو هاوەن دانراون، ئەوانەی کە ڕۆژگارە پڕ مەرگەساتەکانی میللەتەکەمان دێننەوە یاد کە لە کاتی پێش ڕاپەڕین ڕژێمی بەعس بەسەریدا هێناون، چەکە کۆکوژەکانی بەعسمان دەخاتەوە بیر کە بەسەر ئەنفال کراوەکاندا تاقی کرانەوەو، هەزاران گوندو شارو شارۆچکەیان پێ وێران کرد لە کوردستاندا، هەزاران کەسیان پێ کوشتو بریندار کرد، یا کەم ئەندام بوون. با ئەو جۆرە شتانە لە دەروازەی شارەکان لابرێنو ئاسەوارەکانی پێش ڕاپەڕین لەبەر چاوی ڕۆڵەکانی میللەتەکەمان لابدەینو برینەکانیان نەکولێنینەوە، بەلای منەوە ئەو جۆرە تاسە گەورانەش کە لە هەردوو سەری بازگەکاندا دروست کراون دیاردەیەکی شارستانی نییە، ئەگەر لاشنەبرێن دەکرێ هەندێ سوك بکرێنەوە تا زیان بە ئۆتومبیلو ئیسراحەتی خەڵکی نەگەیەنێ. هەموو هاووڵاتییەکیش مافی ئەوەی هەیە بە زمانێکی شیرین لێپرسینەوەی لەگەڵ دا بکرێ. باشە پۆلیسی بازگەکان تایبەت بن لە خولی پەروەردەدا پێ بگەیەنرێنو بە گیانێکی نیشتمانپەروەرانەی بەرز گۆش بکرێن.